## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٦٣) لە ٢٠٢٢/٦/٢٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٦) لە ٢٠٢٢/٦/٢٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەک بەم شێوەیەی خوارەوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو سەرنج و پێشنیارانەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو بە ئاراستەی باشترکردنی پەیوەندیی نێوان حکومەت و ئەو کەناڵە میدیایانەی بە گیانی بەرپرسیارێتی و پیشەییبوون و سەربەخۆ کاردەکەن و دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و پۆلێنکردنیان و خستنەڕووی پێشنیاری چارەسەر لە پێناوی هێنانەدی ئامانجی کاری میدیایی و ڕۆژنامەنووسی لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا دوور لە هەر کار و ڕەفتار و سنووربەزاندنێک لە دەرەوەی ئەو ئامانجانە لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان و بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان ساڵی ١٩٥٤ کە پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەرییە لە کوردستان ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٨، ئەمانەش هەمووی لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێک بخرێتەڕوو لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران:

١. نوێنەری نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٢. نوێنەری نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٣. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
٤. وەزارەتی ناوخۆ.
٥. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.
٦. فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

و بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە هەرێم کە لەلایەن بەڕێز وەزیری داد دەستنیشان دەکرێت.

**دووەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و ڕاپۆرتی لیژنەکە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**